# ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری یۆتەبۆری لە وڵاتی سۆئێد ڕێزی لێگیرا

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨-٠٢-٢٣ زایینی، لە شاری یۆتەبۆری لە وڵاتی سۆئێد، مەراسیمی ڕۆژی کۆمەڵە بەڕێوە چوو. ئەو مەراسیمە لە سەر بانگاوازی کۆمیتەی ڕێکخراوی کۆمەڵە لەو شارە و بە هاوکاری چروپڕی کادر و ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە ئامادە کرابو.

لە سەرەتاوە هاوڕێ شادی ساڵحی، بەڕیوەبەری بەرنامەکە وێڕای بە خێرهێنانی میوانەکان، ڕیزی بەرنامەکەی ڕاگەیاند. پاشان دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانبەخت کردوانی کۆمەڵە و بزوتنەوەی ڕزگایخوازانەی گەلی کورد ڕاگیرا. بڵاو بوونەوەی سرودی کۆمەڵە بێدەنگیەکی شکاند. بە دواییدا پارچە شیعرێک خوێندرایەوە.

هاوڕی خالیدی سیادەت ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە، وێڕای بە خێر هێنانی میوانانی ڕۆژی کۆمەڵە، پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی خوێندەوە. دەقی ئەو پەیامە وەک پاشکۆی ئەو ڕاپۆرتە هاتوە.

حیزب و گروپە سیاسیەکانی بەشدار لە مەرەسیمەکەدا، هەر کام پەیام و بروسکەی خۆیان خوێندەوە. کۆمیتەی هێزە کورد و کوردستانیەکان، کە لە یۆتەبۆری نوێنەرایەتی ٩ حیزب و ڕێکخراوی سیاسی لە پارچەکانی کوردستان دەکا و بریتین لە: یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، پارتی دێمۆکراتی کوردستان، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان، پارتی یەکیەتی کورد لە سوریە، حیزبی کوردی فەیلی عێراق، پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پەیامی خوێندەوە. جیاواز لەویش حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان پەیامی پیرۆزباییان بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان، ڕۆژی کۆمەڵەوە خوێندەوە.

نوێنەری حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سۆئێد لە شار یۆتەبۆری کە لە مەراسیمەکەدا بەشدار بوو، پەیامی ئەو حیزبەی پێشکەش کرد، کە تێیدا وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی کۆمەڵە، پشتیوانی خۆیانی لە خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد راگەیاند.

کۆمەڵـــەی پێشـــمەرگە دێرینـــەکان و کۆمـــەڵگای یارســـان لـــە یۆتـــەبۆری و ناوەنـــدی کـــەلتور و خوێنـــدنی کـــوردی و سۆســـیالدێمۆکراتە کوردەکـــانی شـــاری یۆتەبۆریش بە ناردنی بروسکەی پیرۆزبایی بەشداریان کرد.

بەشـــی دووهـــەمی بەرنامەکـــە، بریتـــی بـــوو لـــە بەرنامەیـــەکی ڕازاوەی هونـــەری کـــە بـــە بەشـــداری هونەرمەنـــدانی خۆشەویســـت کـــاک نەجمـــەی غـــولامی و کـــاک فـــەریبورزی کـــەرەمی بـــەڕێوە چـــو. ســـەدان کـــەس لـــە پیـــاوان و ژنـــان لـــە تەمـــەنی جۆراوجـــۆردا کـــە لـــە شـــاری یۆتـــەبۆری و شـــارەکانی دەوروبـــەرەوە هـــاتبوون تـــا درەنگـــانێکی شـــەو گوێیـــان لـــە موزیـــک گـــرت و هەڵپـــەڕین و بـــەم جـــۆرە ســـاڵیادی ڕۆژی کۆمەڵە لە دەرەوەی وولات لە شاری یۆتەبۆری سۆئێد ڕێزی لێگیرا.















بەخێربێن بۆ بەرزگرتن لە رۆژی کۆمەڵە


زنده باد سوسیالیزم
سەرکەوێ بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد










www.komala.org
**E-mail:** komala.gbg@gmail.com

**Mobile:**+ 0704758070
**Tel & Fax:+** 0704905812
**Adress:** Box 101 **Postnr:** 42423 **Angered Göteborg**
**Postgiro:** 384045-1